کوردستان نێت
Kurdistannet کوردستان نێت

# ڕۆشنبیرو دەسەڵات لەکۆمەڵگای کوردیدا ..!؟

سەروەر کەریم

بەدرێژایی دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو لەو کاتەوەی مرۆڤ هۆشیار بۆتەوە، توێژێکی کۆمەڵگا کەناویان ڕۆشنبیربووە پێشەنگی داهێنان وبەرەو پێشبردنی ڕەوتی مێژووی ژیان بوون و گۆڕانکارییەکان، لەپێشەنگی ئەوانەوە هاتووە بۆناو پێکهاتەکانی کۆمەڵگاو دەسەلاتیش لەبەر ڕۆشنایی بیروبۆچوونی ئەوان بەرجەستەبووەو گۆڕاوە.. بەمانایەکی تر ڕۆشنبیران سەرمەشقی گۆڕانکارییەکان بوون لەدنیاداو لەدەرەوەی دەسەلاتیش بوون .. کۆمەڵگای کوردی بەهۆی تایبەتمەندی وەهەلکەوتە جوگرافی و دابەشبوونی بەسەر چوار دەولەتدا، نەیتوانیوە ڕۆشنبیری گەورە بەرهەمبهێنێت، کەبتوانێت تێکست بەرهەم بهێنێت بەلکو ڕۆشنبیر لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەردەوام ڕۆشنبیرێکی هەژار بووەو کەمتریش ڕەخنەگربووە، چونکە سەرەتای پێکهاتەی ڕۆشنبیری ئێمە، ڕۆشنبیرییەکی شیعری بووەو تائێستاش زۆربینەی ڕۆشنبیرەکانی ئێمە شاعیرن .. بۆیە پێشکەوتنی پانتایی ڕۆشنبیری ئێمە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە و نەمانتوانیوە ڕۆشنبیری ئەکتیڤ و کارا بەرهەم بهێنین، کەکاریگەریان لەسەر دەسەلات هەبێت و بتوانین ئیستێك بەکارەکانی دەسەلات بکەن. ئەولاوازییەی ڕۆشنبیری ئێمە وایکردووە دەسەلات هەرگیز سل لەڕۆشنبیر نەکاتەوە وبگرە هەمیشە لەسەنگەردابێت بۆ دادگایکردنی ڕۆشنبیران و زیندانیکردنیان ..ئەوەش بۆ خۆی لایەنێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەلەسەر یەکەمین حکومەت و دەسەلاتی کوردییەوە بەشێکی زۆر لەڕۆشنبیران پیاوی دەسەلات بوون و بەشان وبالی دەسەلاتیاندا هەلداوە، کەمتر ڕەخنە لەدەسەلاتکارە نەگەتیڤەکان گیراوە ئەگەر لەسەردەمی حکومەتی شێخ مەحمووددا چەندانی وەك (حەمدی و حیلمی و پیرەمێرد....هتد) بونیان هەبوو بێت، بەلام هیچیان قسەکانیان هێندەی جەمال عیرفان کاریگەری نەبووە لەسەر دەسەلاتی ئەوکات و بۆیە دوایش لەکەشێکی نادیاردا جەمال عیرفان دەکوژرێ ... لەدوای ئەویشدا ڕۆشنبیرانی ئێمە هێندەی کاریان بۆجوانکردنی ڕووی دەسەلاتکردووەو خۆیان دوور خستۆتەوە لەرەخنەو ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەلات، هێندە کاریان نەکردووە دەسەلات بهەژێنن قورسایی خۆیان دابنێن و دەسەلات سلیان لێ بکاتەوە، ئەو ڕاستیە بۆحکومەتەکەی قازی محەمەدیش وایەو بۆ ئێستای دەسەلات و حکومەتی کوردیش وایە کە(15)سالی حاکمیەتی ئەو ولاتە بەرێوە دەبەن بچوکترین ترسیان لەڕۆشنبیران نییە، بەلکو دەسەلاتی کوردی ڕۆشنبیرانی دابەشکردووە بەسەر ڕەنگەکانی خۆیداو بەئارەزووی خۆی کاریان لەسەر دەکات هەرگیز گوێ بەڕۆشنبیران وەدەنگیان نادات، خودی ڕۆشنبیرانیش ڕازین بەوحالەتەو خۆیان داوەتە دەست قەدەری ئەو گەشتەیەی کەدەسەلات بەرێوەی دەبات .. بەهەرحال دوای پانزە سال لەحکومڕانی دەسەلاتی کوردی جۆرەها سوکایەتی بەنووسەران و ڕۆشنبیرانکراوەو چەندین ڕۆژنامە لەسەر ئازادی بیرورا داخراوە تەقە لەخۆپیشاندەران کراوەو سەدان کەس لەسەر ئازادی بیرورا زیندانی کراون، بەلام بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری بەهێز لەدایك نەبووە کەبتوانێت دەسەلات بهەژێنێت و دووچاری ئیستێکی بکات و بەر لەهەموو ئەو پێشێلکاریانەی دەسەلات بگرێ، بەلکو ئێستاش بەشێك لەڕۆشنبیران ستایشی کارەکانی دەسەلات دەکەن و دەیانەوێت ژیانی خەلکی ئەو بەو ئاراستەیەدا بڕوات، کەدەسەلات لەسەر هەورەکانەو هاولاتیانیش لەبن زەوی .. بۆیە چی تر ناکرێ دەیان ڕێکخراوی بەناو ڕۆشنبیر هەبێت و قسەیەکیان نەبێت لەسەر سلبیاتەکانی دەسەلات و کارەکانیان بەرامبەر هاولاتیان .. لەماوەی یەك سالدا لەچەندین شوێن خۆپیشاندنکراوە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانە (نەوت کارەبا بەنزین ،ئاو) لەکۆی خۆپیشاندانەکاندا دەسەلات چەکی بەکارهێناوە سەدان هاولاتیان ڕاپێچی زیندانەکانکردووە ..

خۆپیشاندانەکانی (کەلار،ئاکرێ ،دەربەندیخان،هەلەبجە، چەمچەمال، زەرایەن، کفری، سلێمانی ..هتد)شاهیدی ئەو ڕاستیەن کەدەسەلات چۆن ڕووبەڕووی داخوازی هاولاتیان دەبێتەوەو بەگوللەو زیندان وەلامیان دەداتەوە .. کەچی ڕۆشنبیرانیش تەماشاچی ئەو کارەن و گوێ بەو هەموو ئازارەی هالاتیان نادەن، لە کاتێکدا دەبوایە سەرمەشقی گۆڕان بوونایە ..نەك ئەوە ناکەن بگرە زۆرینەیان گوێی خۆیانە خەواندووەو ناشیانەوێت قسەیەك بکەن، من نازانم ڕێکخراوەکانی هونەرمەندان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان ڕێکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنی لەم ولاتە کاریان چییە، ئەگەر لەسەر ئەو شتانە نەیەنە دەنگ هەلوێستەیەك بەدەسەلات و کارەکانی لەبەردەم هاولاتیان نەکەن .. ئەگەر ئەو یەکانە بەشێوەی ئێستایان کاربکەن دەبێت چاوەڕوانی ئەوەبن کەژمارەی زیندانیکراوەکان و تەقەکردن لەخۆپیشاندەران ئەژمار بکەن، نەك ئەوەی ڕێکخراوێکی کاراو ڕەخنەگربن و دەسەلات لەبورجی عاجی گوێ نەگرتن لەمافەکانی هاولاتیان بهێننە خوارێ و داخوازییەکانی خەلکی جێ بەجێ بکەن...؟



**بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری بەهێز لەدایك نەبووە کەبتوانێت دەسەڵات بهەژێنێت و دووچاری ئیستێکی بکات و بەر لەهەموو ئەو پێشێلکاریانەی دەسەڵات بگرێ، بەڵکو ئێستاش بەشێك لەڕۆشنبیران ستایشی کارەکانی دەسەڵات دەکەن و دەیانەوێت ژیانی خەڵکی ئەو بەو ئاراستەیەدا بڕوات، کەدەسەڵات لەسەر هەورەکانەو هاوڵاتیانیش لەبن زەوی**